## "نگاهی بە تاریخ مهاباد"

کاتێ باسی بۆکان و دەوروبەری دەکرێت، دیارە دیوارێکی کونکرێت بە دەوریدا نەکشاوە و لە هەموو لایەکەوە پەیوەندی بە شار و گوند و ناوچەکانی دەوروبەریەوە هەیە. بۆیە هەر رووداوێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی – فەرهەنگی کە لە شار و گوندێکی دراوسێ بۆکان روویدابێت، شوێنی داناوەتە سەر بۆکانیش – چ رابردووی دوور بێت چ مێژووی هاوچەرخ و ئێستا، لە ٢٠ ساڵی رابردوودا بۆ زۆرێک لە شارەکانی دەوروبەری بۆکان یەک یا چەند کتێب نووسراوە و تێیاندا بارودۆخی جوغرافیایی و فەرهەنگی و سیاسی شار و گوندەکان شی کراونەتەوە.

من هەوڵ دەدەم ئەو کتێبانە - وەک سەرچاوەی گرنگی مێژوویی بۆ بۆکان بناسێنم. کتێبەکان بریتی دەبن لە نزیکەی ١٠ سەرچاوە و بە کتێبی "نگاهی بە تاریخ مهاباد" نووسینی سەید محەمەدی سەمەدی دەستی پێ دەکەم.

"نگاهی بە تاریخ مهاباد"

لە ساڵی ١٣٧٣ [١٩٩٤] لە مەهاباد بڵاو کراوەتەوە. مێژووی حاکمانی موکری تێدا باس کراوە(ل ١٢) کە وەک دەزانین پاشماوەیان لە مەهاباد و بۆکان هەر ماون.

ئینجا هەندێ رووداوەی مێژوویی وەک شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای نەهری، رووداوەی هەمزاغای مەنگوڕ و و ساڵی شکاک کەوتوونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە(لاپەڕەکانی ٢٩ تا ٩٠) کە هەموو ئەو رووداوانە باڵیان کێشاوەتە سەر بۆکانیش – جا ئەگەر مێژووی نووسراو بۆ بۆکانی ئەو ساڵانە نەبێت، دەبێ هەوڵی بەڵگە کۆکردنەوە و نووسینیان بدرێت. بە هەمان شێوە رووداوەکانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی (لاپەڕەی ١٠٨ بە دواوە) – کە دەزانین زۆرێک لە خەڵکی بۆکانیش بوون بە ئەندامی کۆمەڵە. بە هەمان شێوە، باسی کۆماری کوردستان کراوە (لاپەڕەی ١٥١ بە دواوە) – کە بۆکان شاری دووهەمی بوە و باسی عێل و عەشیرەی کورد (لاپەڕەی ١٥١ بە دواوە) – هۆزی دێبوکری و فەیزوڵڵابەگی و گەورک (لاپەڕەکانی ١٩٦ تا ٢٠٢) کە هەرسێکیان لە پەیوەندی بۆکانیشدا هەن و تەنانەت فەیزوڵڵابەگیەکان زیاتر کەوتوونەتە بەشی بۆکانەوە.

نوێنەرانی مەجلیسی شۆرای مەهاباد و بۆکان بۆ ماوەیەکی زۆر هەر یەک کەس بوون (لاپەڕەی ٢١٢ بەدواوە). لاپەڕەیەکی زۆری کتێبەکە تەرخانی ژیانی ناوداران کراوە

(لاپەڕەکانی ٢٢٥ تا ٣٩٣) کە لەناو ئەوانیشدا هەندێکیان بۆکانی یا لە پەیوەندی ناوچەی بۆکاندان.

بە گشتی کتێبەکە سەرچاوەیەکی بەنرخە هەم بۆ ناوچەی مەهاباد و هەم بۆ بۆکان.

سید محمد صمدی، "نگاهی به تاریخ مهاباد"، انتشارات راهرو، مهاباد ١٣٧٣[١٩٩٤]، ٥٦٢ صفحه، فارسی.